ئاوات شێخ جەناب: هەوڵەکان بۆ ئاراستەی هەموارکردنەوەی یاسای بودجەی عێراق بەردەوامن

کونسولی گشتی کەماری ئیسلامی ئێران لە هەولێر لە کۆبوونەوەی لەگەڵ وەزیری دارایی هەرێم رایگەیاند؛ کاردەکەین بۆ چارەسەری کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغداد لەسەر بودجە و موچە.

وەزارەتی دارایی هەرێم بڵاویکردەوە، ئەمڕۆ سەشەممە ئاوات جەناب نوری، وەزیری دارایی و ئابوری لەگەڵ نەسروڵا ڕەشنودی، کونسولی گشتی کەماری ئیسلامی ئێران لە هەولێر کۆبوونەوە و وەزیری دارایی باسی لە دواین هەنگاوەکان و گفتوگاکانی نێوان هەرێم و بەغداد لە سەر پرسی بودجە و موچە خستەڕو، ئاماژەی بەوەکرد، هەوڵەکانیان بەردەوامە بۆئاراستەی هەموارکردنەوەی یاسای بودجەی عێراق.

وتیشی، "بەو هیوایەی بتوانن بە سایی داهاتو پرسی موچەی فەرمانبەران لەهەمو کێش و ململانێیەک دوربخەنەوە و بەیەک پەوانە مامەڵە لەگەڵ موچەخۆرانی هەرێم وەک تەکەای موچەخۆرانی پارێزگاکانی تری عێراق بکرێت".

وەزیری دارایی داوای لەکونسولی گشتی کەماری ئیسلامی ئێران کرد، لە ڕەی پێیوەندیکانیانەوە هاوکاربن بۆ چارەسەی کێشەکان.

لای خۆیەوە، نەسروڵا ڕەشنودی ڕایگەیاندوە، توانا و پێیوەندییەکانی خەمان بەکاردەهێنین بۆ ئەوەی کێشەکانی هەرێم و بەغداد لەسەر پرسی بودجە و موچە بەزوترین کات چارەسەر بکرێت

کونسوڵی کۆماری ئیسلامی ئێران لەهەوڵەر باسی لەشایستەی ئەو کۆمپانیا ئێرانیانە کرد، کە لە هەرێمی کوردستان کاردەکەن و بەهۆی قەیرانی دارایییەوە شایستەکانیان دواکەوتوە.

وەزیری دارایی پابەندی ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتە پەیوەندیدارەکانی بە خەرج کردنی شایستەی کۆمپانیاکان دوپات کردەوە و ڕایگەیاند، بەچارەسەربونی کێشە سیاسیەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی ناوەندی، کە کێشەی گەورەی ئابوری و دارایی قورسی بە هەرێمی کوردستان دروست کردوە، کێشەی سەرجەم کۆمپانیا ئێرانیەکان و کۆمپانیا بیانی و ناوخۆییەکانیش چارەسەر دەبێت، بەتایبەت کێشەی موچەی فەرمانبەران و موچەخۆرانی هەرێمی کوردستان.